# ڕێگای ئەدەب و هونەر

ژمارە ( ٤١ ) گەلاوێژی ٢٧١٠


## کورتە چیرۆك

# جــرِو جــامشـــت



محەمەد کەریم نانەوا

دوای ماندووبوون و شەو نخوونیو جۆشکردنی زەویو رواندنی نەمامی سێوو ئاودێری دواتر چەند ساڵی بەسەردا رابوورد تاوەکو سێو پێگەیی سێو چ سێو؟!

لەهەموو ولاٌتانی خۆرهەلاٌتی ناوەراست،بگرە لەسەرتانـسەری دنیـا دەنگـی دابـۆوە بۆیـە ناحەزانو دزو جەردە، چاوی ئێرەبیان تێبڕی بوو، لەحەژمەتان وێکهاتبوونەوە. لـەداخان ژێـراو ژێر هەرچی جورجە کوێرەو مشکی هەنبانە دڕو، کرمو جۆبڕکەی رەگ قرتێنیان بەدانە خۆرە فێری راهێنانو لچییان کردبوون بەکونو قوژبنو درزو کەلێنی پەرژینی چـواردەوری باخـی سێوان دا بەماتە مات خۆیان فجۆر دەکردە ناو جۆگە ئاوی باخی سێوان.

وەك مۆرانە ئاسا دەستبە کاردەبوون ، بەرهەرحاڵ ئێستاکێ سێو پێگـەییوە، بـەلاٌم هێـشتا نەکێ بەدارێوەیە، کەچی رەنگی تێکچوونو رزیبوونی پێوە دیارە.

ئەگەر گەرماو گەرم و!

دەستو برد لەبژارو هەلاٌوێرکردنی هەرچی دەعباو جرِو جامشتەلێی بەخۆنەکەوین؟، بێگومان سروشتی سێو ئەو هایە! هەر هێندە سێوەك رزی بۆنی تێکەوت، ئیدی کار لـەکار دەتـرازێ بەهیچ کلۆ بابەتێك هەرگیز ناتوانرێ بەری لێبگیرێ.

پەیتا پەیتا لەبەرڕا، بەبەریەوە دەچێ، بێگومـان بەدارێوە دەڕزێ چیتر (بەر) نادات،

داری بێ بەر بۆبڕینەوە خاسە بۆیە دەبێ باخەوانانی کوردستان لەئاست پرسی سێوی بۆگەنو رزیو، بۆ بژارکردنی ساخو نەساخی سێوەکانیان یەك دەنگو یـەك هەلۆێـستە بـن تۆڕەمـە لەئافاتی رزیبوونو بۆگەنی ببڕن،

وابێ لەتەواوی جیهاندا، خەڵك بەتام وچێژوپوخت و جوانو بێ خەوش تەندروسـت بەرهەمـی سێوو دەست رەنگینی باخەوانانی هەرێمی کوردستان هەلٌبلێن.

## بـاکـۆجـەلال: بایەخی کتێب هەردەمێنێ

## ئەوەتا دەبینین دوای١٥٠ ساڵ وڵاتە سەرمایە دارەکان لە کاتی قەیرانی ئابوریدا بە ناچاری دەگەڕێنەوە بۆ کتێب و تیۆرەکانی مارکس



**شاعیری لاو ( باکۆجەلال)لەرێگەی شیعرە ناسکەکانییـەوە کـە سایتـە ئەلیکترۆنییەکاندا بلاٌو دەکرێتەوە،توانیو یەتی وەك گەنجێکی بەهرە مـەنـد دەرکەوێت،ناوە ناوەش بابەتی سیاسی و رۆشنبیریشی دەینـرێـت،یـەکـەم ئەزموونی نووسینی لە ساڵی(٢٠٠٥)لە رۆژنامەی (ئـازادی )سـەرچـاوەی گرتووە،دواتر لەرۆژنامەی ( بەلاغ الشیوعی)وەرگێـراونـەتـە سـەرزمـانـی عەرەبی،دوای ئەوەی هۆنراوەی (ئەی ئاسکەمێ)ی لە ساڵی ( ٢٠٠٩ )دا بلاو کردۆتەوە لەو ساوە دەستی بە نووسینی هۆنراوە کردووە،ناوبراو ئێستا لـە ولاتی ئەمەریکا دەژیەت و هەمیشەبە شیعرە ناسکـەکـانـی ئـاشـنـامـان دەکات،ئێمەلەم دیمانەدا باسگەلیکمان لە مەڕشیعـرو سـەرەتـاو زمـان وپەیوەندیە کانی شیعرو عەشق کردووە. سازدانی دیمانە/هەورین نەجات**

***ئایـا لەپرۆسـەی شـیعریەتدا ،تـۆ شـیعر دەنووسیتەوە،یا خود شیعر تۆ دەنووسێتەوە؟تۆ چۆن ئا وێزانی شیعر دەبیت؟**

وەڵام: هەمیشە لە کاتی نوسـینەوەی هـەر هۆنراوەیەکمدا وام بە بیردا هـاتوە کـە مـن هۆنراوەکە دەنوسمەوە بەڵام دوابەدوای تـەواو بونی هۆنراوەکە کـە وەك هـەر خوێنەرێـك دەست بە خوێندنەوەی دەکـەم خۆمـی تێـدا دەبینمەوە بۆیە گومانی تێدا نیە کە ئەویـش من دەنوسێتەوە هەر من نیم ئەو دەنوسمەوە مادام هۆنراوەکانیش من بنوسـنەوە کەوابـو هەردووکمان ئاوێزانی یەکتر دەبین تەنها مـن نیم ئاوێزانی هۆنراوەکان دەبم ئەویش ئاوێزانی من دەبێت، ئەو دەمەی هیچ ئامرازیـك یـان زمانێك نابینمەوە بۆ دەربـڕینی هەسـتم بـە ناچاری ئاوێزانی هۆنراوەیـەك دەبم ئـەوکات ئەویش وەك ئازیزترین کەسم گـوێ بـۆ ڕازو نیازم دەگرێت

***ئایا پەیوەندییە ستاتیکیەکانی زمان لە پرۆسەی شیعریەتدا چین؟ئەرکە سەرەکییەکانی زمان کامانەن؟**

وەڵام: لە پرۆسەی شیعردا بۆم گرنگـە هـەر شیعرێك کە دەینوسـم مۆسـیقا و تۆنێکـی تایبەت بە خۆی هەبێت کە شـیعرەکە خـۆی ئەو تۆنە بۆ خوێنەر دیـاری بکـات ئـەوەش دیارە لە ڕێگای زمانـەوە دەکریـت بـۆ ئـەو مەبەستەشە کە شیعرەکە بەدەر نـەبێت لـە ستاتیکا، دواتر بیرمان نەچـێت کـە کـاری شاعیر بەدەر نیە لە وشـە ڕیزکـردن بـەڵام ئەوەی کە وادەکـات شـیعرەکان پـڕبن لـە ستاتیکا ئەوەیە کە شاعیر لە ڕێگای وشـە و زمانەوە خوێنەر بە دونیایەك ئاشـنا دەکـات کەبەرلەخوێندنەوەی شیعرەکە خوێنـەر پێـی نەخستوّتە ئەو دونیایەوە و پەی پێ نەبردوە، زمان ئەرکی شاعیر دیاری دەکات نـەك بـە پێچەوانەوە، چونکە شاعیر تـا ئـەو کاتـەی بتوانێت بە چەند زمانێك بپەیڤێت و زاراوەی زیاتر بزانێ و زیـاتر بخوێنێتـەوە دەتوانێـت زیـاتریش بنوسـێت و مـەودای خەیاڵـیشی فراوانتر دەبێت، بۆیە دەڵێـم زمانـە ئەرکـی شاعیر دیاری دەکات.

***ئایا پێت وانییە ،کتێب ئەو پیرۆزیەی جارانی نەماوەیاخود خوێنەری کوردی بەتایبەت توێژی لاوان لە کتێب یاخییە؟ تۆ هۆکارە کانی ئەمە بۆچی دەگە ڕێنیەوە؟**

وەڵام: نا کتێبە باشەکان لـە هیـچ کـات و ساتێکدا پیرۆزی خۆیان لە دەست نادەن ئەوەتا دەبینـین دوای١٥٠ سـاڵ وڵاتـە سـەرمایە دارەکان لە کاتی قەیرانی ئابوریدا بە ناچاری دەگەڕێنـەوە بـۆ کتێـب و نەزەریاتەکانـی مارکس بۆ چارەسەر کردنی ئـەو قەیرانانـە بۆیا ناکرێت بلێین کتێب ئەو پیرۆزیەی جارانی نـەماوە پێـشم وانیـە کۆمـەڵگای کـوردی وعێراقیش بە گشتی و لاوانیش بە تایبەتـی لە کتێب یاخیبن ئەوە دونیای سـەرمایەداریە مرۆڤەکانی گیرۆدەی ئەو دونیایە کـردوە کـە سەرمایەداری خۆی مەبەسـتێتی و سـود و قازانجی لە تەکدا دەکات، لامان ڕونـە هـەر یەك لە ئێمە کاتێك دەست بۆ کتێبێك دەبەین ئـەو کتێبـە هەڵدەبـژێرین کـە خۆمـان مەبەستمانە و ئـارەزوی دەکـەین بـەڵام لـە کاتێکدا کە هەریەك لە ئێمە تەلەفیزیۆنێـك لە ماڵەکەماندایە و ڕۆژانە تەماشای دەکەیـن و کراوە بە بەشـێکی پێویـست لـە ژیانمـان ئەوەشی کە پیـشانمان دەدرێـت لـە ڕێگـای تەلەفیزیۆنـەوە بمانـەوێ و نەمانەوێـت کاریگەریمان لەسـەر دروسـت دەکـات لـە کاتێکدا هیچکام لەو کەناڵانـەی تەماشـای دەکەین ڕەنگە هەڵبژاردەی خۆمـان نـەبن و بەڵکو پێش وەخت بۆمان دیاری کـراوە، خـۆ ڕەنگە زۆربەشیان دەسکەوتی مرۆڤایەتی بـن لە ناوەڕۆکدا چ ئینتەرنێت و چ مۆبایل و تـا د .. بەڵام سەرمایەداری زیـاتر پـەرە بەمـە دەدات و ئەم هەڵەش لە پێناو سود و قازانجی بێ ئەژماری خۆیدا دەقۆزێتـەوە وەك وتم لـە دونیای سەرمایەداریدا بەهۆی قورسایی ژیان و زۆربونی ئەو شتانەی کە ژیانی داگیرکردوین بەبێ ئەوەی خۆمان مەبەستمانبێت یان بۆما ن بکرێت یان بپـەرژێین کـاتی بـە دەسـت مرۆڤەکانەوە نەهێشتوەتەوە وای کـردوە کـە پێویستێکانی خۆمان بە ڕونی نەناسینەوە.

***شەری نەوەکان بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبووە و هەرهەشە تۆ پێت وایە نەوەی تازە لەم شەرە بیبباتەوە؟ئایا ئێمە نەوەیەکمان هەیە بەناوی نەوەی تازەو نوێگەر؟**

وەڵام: جێی داخـە کـە نـەوەی نـوێ لـەم سەدەیەدا نەوەیەکی تا ڕادەیەك نـا ئەکتیڤـە بۆیە ئومێـدی گـۆڕانیش کـەمتر بـەدی دەکرێت تێیدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشبین و نائومێد نیم چونکە هەرچەند سـەدە جارێـك مرۆڤ لە تەك ئەزمونە خۆش و ناخۆشـەکانی ژیانیدا پاڵەوانی خۆی دێنێتـە مەیـدان بۆ باشترکردنی باری گوزەران و ژیـانی خـۆی و نەوەی پاش خۆی بەڵێ بە دڵنیاییەوە تـا ئـەو کاتەی مرۆڤ بیردەکاتەوە دەتوانێت نوێگـەر و نوێ خوازیشبێت.

***نالی حەبیبەی هەبوو،دێوانەش شەم،ئایا تۆ کێت هەیە؟،بەرای تۆ مەرجە ئاوانەی دەنووسن کەسێکی (دیار)یا خود)وەهم)ی هەبێت؟**

وەڵـام: مـن نـاتوانم لـە ئێـستادا خـۆم بەراوردکەم لە تەك نالی یـان دێوانـەدا بـە ئومێدم ئەزمون و ژیان لە دواتـردا شانـسی ئەوەم پێ بـدات، سـەبارەت بـە پرسـیاری دووهـەمیش بـەڵێ چـۆن هـەر شۆڕشـێك پێویستی بە پاڵەوانێك هەیە بە هەمان شـێوە شاعیریش بۆ نوسـینەوەی هـەر شـیعرێکی پێویستی بە پاڵەوانێك هەیە جا ڕەنگـە ئـەو پاڵەوانە بۆ نالی حەبیبە و بۆ دێوانە شـەم و بۆ فروغی فروخزاد پـەروێز شـاپور و بـۆ منیش ناسکە مێیەك لـە شـیعری ناسـکە مێدا و دوعایـەك لـە شـیعری دوعامـدا پێویست بێت، جا ڕەنگە زۆربەی کات نـاوی پاڵەوانەکان لە ناو شیعرەکاندا خەیاڵـیشبن بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا بونیـان هەیـە هـەر شیعرێکیش بـێ پاڵـەوانبێت ئـەوا کەمـتر سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت بە تایبەت شیعری ڕۆمانسی چونکە خوێنەر لـە شیعری ڕۆمانـسیدا هەمیـشە بەشـوێن وەسفێکدا دەگەڕێت کە لایەق بە پاڵەوانەکەی خۆیبێت. کە لە خەیاڵ و ناخیدا بونی هەیە دواجـار سوپاسـی مانـدوبونتان دەکـەم و ئامانجمە کاری باشترتان ببینم.

# سێوەکەی خۆم تەوری کەس نایبڕێ



### سامان قەرەچوغی

من وەك شانۆکارێك کەسالاٌنێکی زۆر لەکاری نواندن دابـڕاوم! بـەلاٌم وەك بینەرێکی بەردەوامی شانۆگەریەکان لەشـاری هـەولێر ئامـادەی بەشێکی زۆری کارەکان بوومە! بەدەیان تێبینیو سەرنجم لەسەر لاوازی دەقەکانو ئەکتەرو نەبوونی ئەکتـەرەکانو کـەمو کـوری روونـاکیو دیکۆرو مۆسیقا..هتد هەبووە!

بۆیە منیش دەچوومە پاڵ ئەو کەسـانەی کـەدەیان ووت شـانۆ وەك هونەرو بینەری بوونی نەماوە لەم شارە!

ئەمەش راستییەکی تیابوو! چونکە شانۆگەری گەر لاوازی لەهـەموو روێکەوە هەبێت نابێ لە (دەقو ئەکتەر) هەبێت واتە دەبێت بزانێت چ دەقێك هەڵدەبژێرێت و چ ئەکتەرێکیش دیاری دەکەین بۆ رۆڵی شیاوی خۆی بەتایبەتیش لەکاتی پڕۆڤەکردندا، کەمانەوێت لێرەدا بـەووردی ئاماژە بەهوکارەکانی بدەم! چونکە کەسانی لەمن شارەزاتر لەم بـوارە قسەی خۆیان کردووە!

ئەوەی گرنگە لەم نووسینەدا ئاماژەی پێبدەم ئەم چـەند پەیڤەیـە بـۆ شانۆکارانو بینـەرانی شـانۆو دەرهێنـەرو ئەکتـەرانی شـانۆگەری (سێوەکەی خـۆم) کەلەنووسـینو دەرهێنـانی (کـارۆخ ئـیبراهیم)و ئەکتەرەکانی (سەلام کۆیی ، سایە حوسێن، بەهمەن حاجی، سـامان عومەر، مەزهەر ئیبراهیم، هەردی ئەنوەر شـێخانی) بـوو لەرێکەوتی ٢٧و٢٨و٢٩ /٧/ ٢٠١٠ لەهۆڵـی ( گەل) لەشاری هەولێر نمـایش کـرا ئـەم بەرهەمە وەکو دەرهێنەرو ئەکتـەرەکان باسی دەکەن بەرهـەمی شـالاٌنەی (گروپی گەنج بۆ شانۆ)یە دەتوانم بلێم ئەوەی مـن بینینـم لـەم کـارە دەسـتە جمیەکـە نزیکـەی (٤٥)کـەس رۆڵیـان هـەبووە لەرێکخـستنی ئـەم شانۆگەرییە بەتایبـەتیش رونو ئاشـــکرایە (دەقەکـــــە) کەهـــــەڵقولاوی کێـــــشە کۆمەلاٌیەتیـــــەکانی ئـــــەمڕۆی کۆمەڵگای کـوردی بـوو چ لـەرووی (پەرتەوازە بوونـی خێزانـی پێـشمەرگەریەك کەدوای شەهیدبوونی هاوڕێکانی چاو دەبڕنـە ژنو کـچەکەی، غیرەکردنـی پیـاو لەژنەکـەی کەبەتەمـەن زۆر لـەخۆی بچوکترەو هەرلەبەر ئەم هۆکارەش ناهێلێت لەماڵەوە بچێتە دەرەوە ئـەم بەندکردنەش رووداوی تـری بـەدواوە دێـت کەبریتییـە لەبیرۆکـەی تۆڵەسەندنەوەو خیانەت و..هتد

لەهەمان کاتدا لەرووی دەنگو جوڵەی ئەکتەرەکان زۆر سەرکەوتووانە ئامادەبونیان بۆلای خۆیان رادەکێشا! مۆسیقاو روونـاکیو دیکۆریـش بەشێکی زیندووی نمایشەکە بوون، بۆیە مـن ئـەم کـارە بەکارێکـی جوانو نموونەیی دادەنێم لەماوەی زیاتر لە (١٠)ساڵ کارێکی وا جوانم نەبینیوە لەهەولێر! لێرەوە لەتەواوی ئەکتەرەکان و دەرهێنـەروهاوکاران لەهەموو روێکـەوە دەکـەم بەراستـی ئـەم گروپـە (گروپـی گـەنج بـۆ شـانۆ) سـەلماندیان بیرکردنەوەو توانای گەنج داهێنـەرانەیـە!

هەرگەنجـە دەتوانـێ ژیـان جـوانترو جوانتر بکات!

دڵنیامە ئـەمجارەیان دارسێوەکە تەنیا سێوێك ناگرێو بەرهەمی زیاتر دەبێت چـونکە لەخاکـی کوردا رەگی دا کوتاوەو ئـاوی کانی هەڵدەمژێ! بۆیە تـەوری کەس ناتوانێ بـیبڕێ! هیـوادارم لقو پۆپی دار سێوەکە (گروپـی گەنج بۆ شـانۆ)یە تـەواوی شـار داپۆشێ بەبۆنی خۆشو دیمەنی جوانیو رەنگەسوورو زەرد و سەوزەکەی!

چونکە زیادە رۆیی نیە ئەگەر بلێـم شـانۆگەری (سـێوەکەی خـۆم) ژیانـەوەی شـانۆیە لەهــەولێر، ئاشتکردنەوەی بینەری شانۆ بوو بەهۆڵی شانۆکان، بۆیە دەخوازم دەقی ئەم شانۆیە لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان نمایش بکرێـتو ئەم گروپەش ساڵانە چەند کارێکی ئاوا جوان ئەنجام بدەن.

> **مۆسیقاو رووناکیو دیکۆریش بەشێکی زیندووی نمایشەکە بوون، بۆیە من ئەم کارە بەکارێکی جوانو نموونەیی دادەنێم لەماوەی زیاتر لە (١٠)ساڵ کارێکی وا جوانم نەبینیوە لەهەولێر!**

# یەکەم رۆژی جەژن گوگوش لە هەولێرە




بەپێی پرۆژگرامێک کە لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆن بۆ راگەیاندنی گشتی بەهاوکاریی کۆمپانیای "جەی کەی" ئەمریکی کە خاوەنەکەی هونەرمەند جەمشیدە، لە رۆژی ١٢ /٩ کە شیمانە هەیە رێکەوتی یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان بکات، هونەرمەندی ئێرانی گووگووش یەکەمین کۆنسێرتی لە کوردستان و هەولێر ئەنجام دەدات.

نەشوان جەمیل بەرێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای بابیلۆن، لە لێدوانێکی تایبەت گوتی"ئەم بانگهێشتە کە چەند رۆژێکی تر نرخ و شوێنی فرۆشتنی بلیتەکانی رادەگەیەنین، بۆ گووگووش و پێنج هونەرمەندی تری ئێرانییە."

## کورتە چیرۆك

# چیرۆکی ئاسکەکە

نوسینی کافکا و: دابان عەلی




**ئاسك وتی: جیهان رۆژ دوای رۆژ تەکستر دەبێتەوە، یەکەمجار ئەوەندە فراوان بوو کە دەترسـام دووربکەومەوە خۆشحاڵ بووم کە دواجار دیوار گەلێکم دەبینی، بەلاٌم هەر ئەم دیوارە درێژانە، وا خێرا بە یەکدا هاتنەوە کە من ئێستا لە دوایین ماڵدام لەوێ تەڵەیەك هەیە کە برادەرەکـەم بـۆی دا ناوم.**

**تەنیا دەبێت رێگاکەت بگۆڕی، گورگەکە وای گوت و ئاسکەکەی خوارد.**

**فرانتس کافکا، ساڵی ١٨٨٩ لە پراگی ولاٌتی چیك لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣١ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە لە بەرهەمەکانی: ئەمریکا، کۆشك، دادگایی، مەسخ، ئۆردوگای سزا.**

سەرچاوە: ئینتەرنێت